# لووت

کامیل ژیر

ئەو نەشتەرگەریی لووتەی پزیشکەکان ئەیانکرد بۆ جوانکردنی لووت ، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ، زوربەی لووتەکان ، نەك جوانتر ، بەڵکو ناشرینتر ئەبوون و خاوەنەکانیان ئاواتیان بەلووتەکەی پێشوویان ئەخواست . ئەی چار ؟! ئاخر خۆکێشەی زوربەی ناشرینی دموچاوی مرۆڤ ، لەلووتیاندایە .ئەندامەکانی تری دەموچاو ، وەك : گوێ ، برۆ ، چاو ، دەم ، ئەوکاریگەرێتیەی لووتیان نیە بۆ جوانی ، یا ناشرینی رووخسار .

بەڵێ نەشتەرگەریەکان ، تەنانەت ئەو تاکوتەرایانەی بڕێك لووتیان جوانئەکرد ، ئەوانیش سەرکەوتنی سەدلەسەدیان بەدەست نەئەهێنا .چیبکەن ! هەرئەوەندە لەتوانادا بوو . دەی خۆزانستیش هەر لە پێشکەوتندایە .بۆیە پزیشکە شارەزاکانی ئەوبوارە ، بەردەوام لەبیرکردنەوەو ئەزموونی یەکلە دوای یەك بوون و لەئەنجامدا پێنج پزیشکی هاوکاری یەکدی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەداهێنان و دروستکردنی لووتی لکێنراو . سەرچاوەی بیرۆکەکەش ،لەتاقمی دانەوە وەرگیراوە . بۆ ئەبێ دانسازان توانیبێتیان سی و دوو دانی دروستکراو لەناو دەمدا بچەسپێنن ، ئەمان نەتوانن یەك لووتی دەستکرد لەسەر روخسار جێگیر کەن ؟؟ ئافەرین بۆ بیری مرۆڤ چۆن پەی بە هەموو نهێنیەك ئەبا !!

وەنەبێ سەرەتا ئەم داهێنانەش بێ کێشە بوبێ . راستە خاوەن لووتە پچوکەکان پێویستیان بە نەشتەرگەری نەبوو . یەکسەر لووتێکی گەورەتریان بۆ ئەکرا بەسەر لووتەکەی خۆیاندا . لووتەگەورەکان ئەبوایە نەشتەرگەریان بۆ بکرایە ، بۆ ئەوەی ، ئەوەندە ی پێویست بۆیان قارسکەن . کێشەی رەنگیش زوو چارەسەرکرا . بۆ هەر پێستەو لەڕەنگی خۆی بۆیان ئەکرد ، بەجۆرێك مەگەر دروزن جیای کردنایەتەوە . ئەوەی کێشەی گەورە بوو ، ئەوپێنج پزیشکە، کەدوایی پرۆژەکەیان بووبە کۆمپانیایەکی زۆر گەورەو دەوڵەمەند ، بەنرخێکی ئەوەندە گران ئەولووتانەیان دروستئەکرد ، مەگەر لەتوانای خاوەن فابریقە گەورەکاندا بوایە .دەی خۆ لەوڵاتی ئێمەدا خاوەن فابریقەی گەورە ، یا هەر نیە ، یا تاکوتەراهەیە ، ئەگەر چی جۆرە فابریقەیەکی ترمان هەیە ، فابریقەی پارتایەتی کە ئەندامانی پێشکەوتووی پارتە دەسەلاتدارەکان ئەتوانن نەك تەنیا بۆ خۆیان وخێزانیان و منداڵیان و دەنکەکانیان ، بەڵکو بۆ خەزورو خەسوشیان ، لەولووتە بەدەست بخەن !

بەرەبەرە کێشەی نرخ بەوجۆرە نەما . لەچەندین ولاّتانی تردا ، پزیشکانی تر ، نهێنی پیشەکەیان دزی و بە پێی یاسای خستنە بازاڕ و داواکردن ( العرض و الطلب) نرخ دابەزی . لەم دواییەدا پزیشکەکانی چینیش فێری بوون و ئەوەندەی تر نرخیان دابەزان . لەراستیشدا وەنەبێ لووتی دەستکردی چینیش لە لووتی دەستکردی رۆژئاواییەکان ، خرا پتربێ . جیاوازییەکە تەنیا ئەوەندەیە ، لەچین کرێی کرێکارو باج کەمترە ، بۆیە نرخیان هەرزانترە . کەچی ئەو لووتانەی لە چینەوە دەهێنرێن بۆوڵاتی ئێمە ، زۆر خراپ و بێ کەڵکن ، بە جۆرێك نەبەرگەی دەموچاوشتنی زۆر دەگرن نەبەرگەی ڕشەبایەکی بەهێز .تومەز بازرگانەکا نمان ، بۆئەوەی زیاترین قازانجیان دەستکەوێ . بە کۆمپانیا چینیەکان

بەو جۆرە باوترین وگرانترین لووتی ئەمڕۆ ، لووتی ئۆرۆستوکراتیە کە دەوڵەمەندە قورسەکان لە مۆنیکا دوامۆدێلەکان و کۆشکە دەگمەنەکان و ئاهەنگە تایبەتیەکاندا ، خۆیانی پێوە بادەدەن . دروستکردنی ئەم جۆرە لووتەش ، تائێستا تەنیا لەتوانای کۆمپانیا داهێنەرەکەی پێنج پزیشکەکەدایە بەهەمان نرخی پێشوو . لەبەر ئەوە بلیتی فڕۆکەکانی شارو پایتەختیش نەك هەر بەئاسانی دەستناکەون لەبەر سەفەری دەوڵەمەندەکانی دوای ڕا پەرین بۆلووتی ئۆرۆستوکراتی، بەڵکو گەلێجار ئەوانەی پێشەکی ( حیجز ) یشیان هەیە ، بەنائومێدی لەفڕۆکەخانەکانەوە دەگەڕێنەوە ، دوای ئەوەی داوای لێبوردنیان لێدەکەن چونکە ( جێ ) نەماوە و کاربەدەستانی فڕۆکەخانە لەتوانایاندا نیە خوازیارانی لووتی ئۆرۆستۆکراتی داگرنە خوارێ!.

دوای لووتی ئۆرۆستوکراتی، مۆدێلەکانی لووت، گەلێ شێوەی تریان گرتە خۆ. لووتی خڕ، باریك، قنج، داکشاو، هەڵکشاو. کونەلووتەکانیش هونەرکارییان تێداکرا، وەك کونەلووتی بادەمی، درێژکۆلە، خڕ، زەنگیانەیی، لووتی سێکون. بەڵێ بەڵێ سێ کون. ئەمجۆرە لووتەیان، تایبەتە بۆ ناوبژیوانانی چالاکیە وەرزشیەکان. دوو کونیان بۆ هەناسە، سێیەمیشیان بۆ فیکە. فیکەکانیش جۆراوجۆرن. فیکەی تیژ، گڕ، درێژ، کورت، پچڕپچڕ. دیارە هەرجۆرەو بۆ مەبەستێك.

کار بەوانەشەوە نەوەستا مۆدێلەکانی لووت، بوونەتە هێما بۆ تەمەنە جیاوازەکان. ئەوەش بەهەرجا. خراپترین ئەنجامی چاوەڕوانکراو، ئەوەیە هەر چینو توێژێکی کۆمەڵ، لووتەمۆدێلێکی خۆی هەبێ!. یا پارتییە سیاسیەکان، هەر یەکەو مۆدێلە لووتێك! یا لووتی زانگەرایی ( عیلمانی ) و ئاینگەراییو ئاینزاییو دیموکراتیو لیبراڵیو نێونەتەوەییو نەتەوەییو ئەمجارە شەڕەپەڕۆ ببێتە شەڕە لووت! بۆیە من لای خۆمەوە داواکارم کێشەکانی مۆدێلەلووت، بەیاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانەوە چارەسەربکرێن. سزای سەرپێچیکەرانیش، یەکەمجار گلدانەوە ( حجز )ی لووتەکەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. لەکاتی دووبارەکردنەوەو ناپاکیو گەندەڵیشدا، ڕەشکردنی سەری لووت.

jeerkamil@yahoo.com
سلێمانی
2006/8/15